لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێندرێت حەفتا هەزار گوریسی پێوەیە، لەگەڵ هەر گوریسێک حەفتا هەزار فریشە هەیە کە دۆزەخی پێ ڕادەکێشن

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێندرێت حەفتا هەزار گوریسی پێوەیە، لەگەڵ هەر گوریسێک حەفتا هەزار فریشە هەیە کە دۆزەخی پێ ڕادەکێشن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە ڕۆژی قیامەتدا دۆزەخ (جەهەنەم) دەهێندرێت حەفتا هەزار زیمامی پێوەیە (زیمام بە واتای: گوریس یان پەتی ئەستوور یان زنجیر) دێت، و لەگەڵ هەر گوریسێک حەفتا هەزار فریشتە هەیە کە بەو گوریسە دۆزەخ ڕادەکێشن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5463